
چەپکێ لە سەروەری شیوعیەکان

# یاداشتەکانی
# خامەی پێشمەرگەیەک



ئاسۆ بیارەیی

١٩٨٦ - ١٩٩٠



## کاک ڕێکار ئەحمەد
## دەربارەی ئەم گەنجینە مێژووییە چی دەڵێ:-

---

## برا و هاوڕێی هێژاو خۆشەویستم کاک ئاسۆ بیارەیی!

دوای سڵاو و ڕێزم! چاوەکانت ماچ دەکەم و دەستەکانت دەگوشم، بەهیوام هەمیشە شادو لەشساغ و بێوەی بیت.
'یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک'م خوێندەوە، لەیەکەم دێڕەوە بێڕاوەستان تا دوایین دێڕ پەرۆشانە رایانکێشام، لێوانلێوە لە راستوێژی و وێناکردنی بەرخۆدان و قارەمانێتی پۆلێک پێشمەرگەی ئازاو چاونەترسی نیشتمانەکەم. بیرەوەری و یادگاریەکانی پێشمەرگایەتیم لە هزرو دەروونمدا زیندوو بوونەوە، ئەوەندە سەرنجڕاکێش و پڕواتا بوون، وامهەست دەکرد لە هەڵتاندام. لە "قوتەی میریاسی"یەوە شوێنپێتان هەڵدەگرمەوە، دێ بە دێ، دۆڵ بە دۆڵ، شاخ بە شاخ ، چەم بە چەم بەدواتاندا دەهاتم، لە حەشارگەی تکتک دا پێتان دەگەمەوە.
هاوڕێی خامە رەنگین! پێش خوێندنەوەی یاداشتەکانت، ئەگەر وێنەی بەڕێزتان، کاک هیوا ڕەش، ئاپاری مەلا حەسەن، هادی مەحمود، عەلی زەنگەنەو هەندێکی دیکە لە ئەلبوومی مێشکمدا جێوار ببوون، ئێستا دوای خوێندەوەی یاداشتەکە نەک هەر وێنە بەڵکو بە ئاکارو ئادگاری یەکەیەکەیان ئاشنام.. ئێستا بە چاوی خۆم چۆنێتی شەهیدبوونی هاوڕێ بارام هەورامی و شوانەی حەمە قوتو دەبینم. لە لاپاڵەکەی نێوان 'تازەدێ' و 'حەمەی کەرەم' و 'شیوی قازی'دا بە خاڵۆ عومەر دەگەم و هەواڵی منداڵەکانی لێدەپرسم!!. لەگەڵ تۆدا برینەکەی عادلەرەشی بەسراوی دەپێچمەوە!! ئیرەیی بە ئەزموونی عەبەی مامە و ئازایەتی ئەحمەد بازۆکە دەبەم! چێژ لە خواردنەکەی هاوڕێ جەوهەری بەرپرسی سوپا دەبینم! دەچم بۆ قەڵای قایمز و بە دوای رادیۆکەتدا دەگەڕێم، چونکە دەزانم هاوڕێ قەمەر چەندە بۆی پەرۆشە! منیش وەک نازمە بچکۆڵ داوات لێدەکەم کە تازەشار و بناری گلیش بە شەهید تۆمار بکەیت! دەستخۆشی لە هاوڕێ ئاشتی دەکەم کە شێر ئاسا بۆ پاراستنی تەرمی شەهیدێک نەترسانە پەلاماری دوژمن دەدات! چاوەکانم دەبن بە مەکۆی ژان و بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سێ کچە شەرواڵ لەپێیەی گوندی کانی قادر دەتریوێنن! لە ناخی دڵمەوە بۆ شەهیدبوونی ١٧ مرۆڤی تێکۆشەر، ئازاو خۆنەویست داخباردەبم، ئێستا دەنگی ئەو گەنجە لە گوێچکەم دەزرنگێتەوە کە دەڵێ:

هاوڕێیان، جاشەکان کۆمەڵێک خێزانیان لە کەورگەکانی نێوان 'شێخ حەمید' و 'ئاوباریک' گرتووە، بەڕێوەن و بۆ ئێرە دێن؛ لە گوندی 'باوەکر' چاوم دەبێ بە کامێراو وێنەی ئەو کۆپتەرە دەگرێ کە بەبەرچاوی باوکێکەوە دەستڕێژی لە کوڕەکەی دەکەن و شەهید دەکەن؛ هەگبەی دەروونم لە ورەی مام ئەسکەندەری جگەرسووتاو تژی دەکەم و فێنکایی بۆ ناخم دەگەڕێتەوە، گوێچکەم بە دەنگی شێرە کچێک دەتاسێ کە بۆ بەخاکسپاردنی تەرمی برا شەهیدەکەی داوای یارمەتیتان لێدەکات، سێرەی چاوم لەگەڵ گوێدرێژە بارکراوەکەی 'هاوڕێ پەروین'دا خلۆر دەبێتەوە.
لە نیوەڕۆیەکدا، لەگەڵ ئێوە سەیری ئەو جاشە خۆفرۆشانە دەکەم کە گوندەکانی 'خاوێ و دەربەند باسەرە' دەسووتێنن. من بە دواتانەوە دێم و بە دووربینی هاوڕێ قەمەر لەبەرهەیوانی ئەو ماڵەی 'بارۆیی' دەڕوانم کە بەهاری پێشوو پێکەوە نانتان تێدا خواردبوو. هێندە بە دواتاندا گەڕاوم کە تەواو شەتەکم و لە 'گەورەدێ'ی چەمی رێزان سەرخەوێک دەشکێنم؛ پیرەمێردێکی گوندی گۆپتەپە دوای مانگێک لە بۆردومان کردنی، برینی هەڵبجەکەم دەکولێنێتەوە. لە ناخەوە رق لەو بڕیارە هەڵدەگرم کە بەمەبەستی خۆناساندن بە خەڵکی ناوچەکە!! جەولەکردنێکی دیکە بەسەر بەتالیۆنی حەوتی هەورامان و گەرمیان دەسەپێنێ! ئەمجارەیان لە بەرەبەیانێکدا لە دوورەوە دەتانبینم کە لەنێو هەردەکانی 'شیوەسوور'دا خۆتان شاردۆتەوەو لەگەڵ دەنگی 'عومەرو سیڤەر' بە ئاگادێن، ئەوان پێتاندەلێن :کەس خۆی دەرنەخات، کۆپتەر هات، ئەوەی ماوە دەیسووتێنێ!.
دیسان نیوەڕۆیە، ترس بەسەر سەرتانەوە خۆی شۆڕکردۆتەوە، ماندووبوونێکی تاقەت پڕوکێن گرمۆڵەی کردوون، برسیبوونێک شاڵاوتان بۆ دێنێ، بەڵام دکتۆر فەرهاد کابانیتان بۆ دەکات و بۆقی بەرخۆڵە ئاساتان بۆ دەبرژێنێ و هەورامیەکان زیرەکتر دەکات؛ بەڵام کاتێک دەگەنەوە خاڵۆبازیانی، بۆسۆ لە دیوارە رووخاوەکانەوە دێتە دەرێ، پەلامارتان دەدات و کونە لووتتان داگیردەکات، ئیدی هەمووتان لە ناخەوە مامۆستا قادرئاسا نەفرەت لە روسە تڕە دەکەن.
من هەر شوێنپێتان هەڵدەگرمەوە، ئێوە کوڕەکانی هەورامان و گەرمیان بەرەو باوەشی گەرمیانی ئەڤین و دلۆڤانیدا شۆڕ دەبنەوە، لەدووربینی چاوانی ئێوەدا ئەو دڵۆپە خوێنانە دەبینم کە دوای ئەنفالکردن لە باڵای زامداری گوندەکاندا دەتکێنەوە. شەوەکەی تاریک و نوتەکە، لە چۆمی رۆخانە دەپەڕنەوە، هەندێکتان شەکەت و هیلاکن، من دەمەوێ هاواری خنکاوی خەڵکی راپێچکراو بۆ گوێچکەتان بگوازمەوە، بەڵام وشەکان لە گەرومدا دەخنکێن و مردار دەبنەوە! دەزانم بەرەو 'عەبدوڵڵا هۆریەکان' رێچکە دەبەستن، کەچی هەنگاوی بەتاڵ و ژانگرتوو، هەنگاوەکانتان پێکورت دەکاتەوە، وێڕای ماندوویی و برسێتی

'حەمە سـۆفی' بزەتـان پێدەبەخشـێ، کرسـێکی ژنـانە دەبەر دەکـات و مانگاکـان دەلاوێنێتەوەو شیریان لێوەردەگرێ و تامەزرۆییتان پێدەشکێنن!
ئاگام لە بڕیاری ئەو کۆبوونەوەیە نیە کە بەرەو تازەشاری وێرانکراو رەوانەتان دەکاتەوە ، بەڵام لەبەرزایی پشت وێرانگەکەدا وەک سێبەرێک لەدوای هەنگاوەکانتانەوە بە دوای جامانەکەی 'عەلی عەرەب'دا دەگەرێم! تۆ جامانەکەی، چەند لاپەڕەیەکی رۆژژمێرەکەی و پارچەیەکی رادیۆکەی دەدۆزیەوە، لەولاشەوە کەللەسەری 'عەلی عەرەب'ی شەهید دەتانتاسێنێ، من چاوم لێیە کە بەشکۆوە بە خاکی دەسپێرن!
لەرۆژانی دواتردا گەواهی شارەزابوونی 'حەمەسۆفی' لە هەرێمەکە دەدەم، ئەو خۆی تاقیدەکاتەوەو چاوساغیتان دەکات، هەمووتان شانازی پێوەدەکەن و لە 'تکتک' دا تێر ئاوتان دەکات.
لەبناری بانی مۆردی قەرداغدا، کاتێک خەنجەری ناپاکی خۆی ئاشکرا دەکات، کاتێک ماری سڕبووی گەرمکراوە خۆی لەگەردەنی سێ تێکۆشەر دەئاڵێنێ، خۆم بۆ راناگیرێ و رۆندک لە چاوم سەردەکات، هەمووتان داخبار دەبن، بەڵام دڵی خەنجەری ژەهراوی بەو سێ خوێنە ئۆقرە ناگرێ، بەدوای دەرفەتە حیزە دەگەڕێ و لە 'کانی تورکە' لە پشتەوەڕا چوار نێچیر لە داوێ دەخات، ئیدی قاقا بەڕووی دوێنێ پێدەکەنێ و نەفرەت بەسەر خۆیدا دەبارێنێ.
لە 'تەیمەزاوا' دا هەموومان چەمکی خۆفرۆشی و ناپاکی دەبینین کە لە لووتکە دا هەڵدەتروشکێ، دواتر لە قوڵایی گەرمیاندا 'تەحسین شاوەیس' دەبێتە راوچی، لە خۆفرۆشی و کوردکوژیدا تاجی تاوانباری لەسەر دەنێ، چوار گوڵاڵە سوورە دەژاکێنێ، چوار پڵنگی تورە لە داو دەخات و تەرمی چوار تێکۆشەر بە دیاری بۆ رژێمی بەعس دەباتەوە. 'تەحسین شاوەیس' خەنێ دەبێ، جامی شەرابی ناپاکی ئەبەدی و مرۆڤکوژی فڕ دەکات. وادەزانێ تێکۆشان کۆتا دەبێ، بەڵام کاتێک بە شەرمەوە سەر بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، هەر چوار شەهیدەکە دەبینێ کە دەبنە چوار ئەستێرەو ئاسمانی کوردستان روونـاک دەکەنەوە، هەر ئەوکاتە ئاسمان سوور هەڵدەگەڕێ، تف و نەفرەت بەسەر ' تەحسین شاوەیس'ەکاندا دەبارێنێ.
ئێستا بە داخباریەوە گوێ بۆ پەیکی شار هەڵدەخەم، هەواڵی بە ئەستێرەبوونی هاوڕێیانی جەباریتان پێڕادەگەیەنن، دۆش دادەمێنن، بەوهۆیەوە هومێدی پەڕینەوە بۆ بەری شوان لەوێنەی کۆللارەیەکی دەست منداڵێکی نەزان بە کزە بایێک دەپسێ! کەچی لەولاوە هیوایێکی نوێ ترسکەتان تێدەگرێ و بەرەو گوندی 'بەکرە گەڕە" تان دەنێرێ. دەمەو ئێوارە لە گوندی 'فەقێ مستەفا' ئاچڕەی هاوین لە خۆتان دەتەکێنن، بەیانیەکەی لە دۆڵێکی پڕ لە ژاڵەدا خۆتان مات دەکەن، لەوێوە بە بۆنی ژاڵە ئاشنا دەبیت و هۆگری

دەبیت، گوڵە ژاڵە گەرای ئەڤین لە دڵت دادەنێ و خۆشتدەوێ. لەولاشەوە پەیمانی مەرگ لەگەڵ دواین فیشەک دەبەستیت، دواتر لە نزیک گوندی 'مامران' بە هاوڕێ عومەر شاد دەبنەوەو فراوینی گۆشتی بۆق تێرتان دەکات و هەنبانەی ورگتان دادەگرێ، پاشان چەمی مامران دەپێون و بۆ هەواڵی هاوڕێیانی دیکە گوێ هەڵدەخەن و سوێتان دەبێتەوە. بێراوەستان گوریسی گەیشتن بە 'تەپەگەروس' و بناری سەنگاو هەڵدەوێژنەوە، دواتر بەرەو قەرەداغ هەورازە رێ دەبڕن، دوای چوار مانگ دابڕان جارێکی دیکە شاخ لە باوەشتان دەگرێتەوە و داربەڕوو بە نازەوە چاوشارکێتان لەگەڵ دەکاتەوە. ئیدی لە مەنزڵی ئۆخەی و لە هاوینەهەواری قۆپیدا لەگەڵ هەندێ هاوڕێی دیکە دەست لەملانێ دەکەن. سێ رۆژ بە دیارتانەوە دەوەستم، ئێوە پەرۆشن و هەست بۆ چرکە هەواڵێک هەڵدەخەن؛ ئەرکی پیرۆز لە کۆڵ دەکەن، دەبن بە فریادرەس و بەرەو 'تکتک' دەگەڕێنەوە.
من لە 'قۆپی' چاوەڕێتان دەکەم، ئێوە بروسکە ئاسا دەگەڕێنەوە و پاشماوەی هێزەکەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان بەیەکتر شاد دەبنەوە، مامۆستا قادر پێشبینیەکەی خۆی دووپات دەکاتەوە: ئەی نەمگوت دێنەوەو دەتانبینینەوە!
ئێوارەیەکی درەنگە، لە کانی 'رێزەو سێ کونان'ی قۆپیەوە هیواکان لە دڵدا کۆدەکەنەوەو سێرەی هزر لە بناری سورێن گیردەکەن. دەزووی سێرە بەرەو 'کانی توو' رێ دەگرێ، چاو بەسەر چەمی دێوانە دەگێڕێ و بەرەو گوندی سۆڵەو لوتکەی ناوتاق هەڵدەزنێ. لە کانی توو کەلاوەی ماڵی دووبرا حەسرەتتان پێهەڵدەکێشێتەوە، لەوێوە دەست پێدەکەن، دوورایی نێوان 'زەلەڕەش' و 'گەورەدێ' و 'کانی کەوەی چوخ' دەپێون و لە جادەی زەڕایەن دەپەڕنەوە، ئیتر ئێوە ماڵئاوایی لە هاوڕێ جەوهەرو عەلی میمکە سویبە دەکەن، منیش لەوێ پەکم دەکەوێ و بۆ بیرەوەریەکانی خۆم دەگەڕێمەوە.

برای خۆشەویستم کاکە ئاسۆ! لە کاتێکدا کە یاداشتەکانت جۆش و خرۆشی پێشمەرگایەتیان تێدا زیندوو کردوومەتەوە، لەهەمان کاتدا لەبەرانبەر ناپاک و خۆفرۆشاندا رق ئەستوورتریان کردووم، لە بێدەستەڵاتیدا هەزاران نەفرەت لەو سێبەرانە دەکەم کە ناپاک و خۆفرۆشان تێیاندا حەساونەتەوە. لەدوا دێردا دەمەوێ سوکە سەرنجێک بنووسم:
-خۆزگە پێش چاپکردن لێبڕاوانەتر وردبینیت بۆ دەکرد، لەو رێیەوە هەندێ پیت و وشەی پەڕیو دەدۆزرانەوە.

-باشــتر دەبــوو ئەگەر لەگەڵ ناســاندنی بەتــالیۆنی حەوتــی هەورامــان دا، شــەڕی ڕزگارکردنی شارۆچکەی قەرەداغت بگێڕابوایەوە.

هەر شاد و سەرفراز بیت

ڕێکار ئەحمەد

٢٠١٥-٥-١